# سەمیر عادل کۆتایی بەسەردانەکەی هێنا بۆ کۆریای باشوور

## ڕێکەوتنی تەواوەتی لەسەر گرتنی کۆنگرەی جیهانی لە" فلپین"

## لەئەپریل(نیسان)ی 2007

لەسەربانگێشتنی حیزبی سۆشیالیست لەکۆریای باشوور،سەمیر عادل سەردانی شارەکانی بۆسان و پایتەختی کۆریا سیئۆلی کرد.کەتێیدا ئامادەی 2کۆڕ بوو و ووتاری تێدا پێشکەش کردن،لەسەر هەل ومەرجی سیاسی لەعیراق و ڕاگەیاندنی بیرۆی ڕاپەڕاندنی کۆنگرەلەسەر ئەو هەل ومەرجەو پێکهێنانی هێزی ئەمان و کردنەوەی کەناڵی ئاسمانی کۆنگرە.سەمیر عادل لەهەردوو کۆڕەکاندا ،جەختی لەسەر پێکهێنانی بەرەی هاوپشتی جیهانی بۆ پشتیوانی وبەسەرخستنی کۆنگرەی ئازادی عیراق وجەماوەری عیراق و خەباتی دژ بەداگیرکاری وشەڕی ناوەخۆیی و،پێکهێنانی حکومەتێکی غەیرەقەومی ودینی کردەوە.سەمیر عادل لەمیانەی قسەو باسەکانیدا،بەتاسەو زۆر بەپێز باسی لەپێویستی دروست کردن و پیکهێنانی هێزی ئەمان دەکرد،بۆ بەرگری کردن لەئەمن وئاسایشی جەماوەری عیراق.هەواڵی هێزی ئەمان جێ ی خۆشحاڵی زۆری ئامادەبوان بوو لەکۆریای باشوور.سەردانی سەمیر عادل بۆ کۆریا ،کەبەیاوەری سکرتێری گشتی بزووتنەوەلەپێناوی دیموکراتی سۆشیالیستی لەژاپۆن " ساتۆ کاتزاوا" بوو،بوو بەهۆی پتەوکردنی بەرەی هاوپشتی بۆ کۆنگرەی ئازادی عیراق لەکۆریای باشوور،بۆ زیادبوونی بۆ لیستی ئەو وولاتانەی کەهاوپشتی و پاڵپشتی کۆنگرەی ئازادی عیراق دەکەن بەشێوەیەکی فۆرمی"رەسمی".

پاشان سەمیر عادل گەڕایەوەبەرەو تۆکیۆی پایتەختی ژاپۆن،بۆئەوەی کۆتایی بەکۆڕەکانی بێنێت و چەندین دیاری کەدەربڕی پشتیوانی و پاڵپشتی بوون بۆکۆنگرەی ئازادی عیراق پێشکەش بەسەمیر عادل کران،بەنیشاندانی پێشانگای وێنەی فۆتۆگرافی لەسەرکاروچالاکی یەکانی کۆنگرەی ئازدی عیراق کۆڕەکان دەستپێکران.

کۆبوونەوەلەنێوان ڕابەرانی بزووتنەوەلەپێناودیموکراتی و سۆشیالیستی و سەمیرعادل هاتنەگرێدان، و گفتو گۆ دەربارەی خۆئامادەکاری کۆتایی بۆ کۆنگرەی جیهانی ،کەنیاز وایەبێتەگرێدان، لەمانیلا ی پایتەختی فلپین لە20–27ی نیسانی 2007،بەئامادەبوونی نوێنەرانی زۆرێک لەوولاتانی ئەوروپا و وولاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکاوئاسیا کرا.کۆبوونەوەکەگۆڕانکاری بناغەیی لەسەر دیباجەی کارەکانی کۆنگرەی جیهانی کرد کەبەنیازەبێتەگرێدان لەفلپین.

هەروەها کۆبوونەوەکە،پێسنیاری گرێدانی کۆنگرەی جیهانی هاوپشتی لەکۆنگرەی ئازادی عیراق لەئەوروپا،تاوو توێ کرد،وبەڕێکەوتنی سەرەتایی گەیشتن کەکۆنگرەبێتەگرێدان لەیەکێک لە لەندەن پایتەختی بەریتانی یان لەپاریس ی پایتەختی فەرەنسا،بۆ دروست کردن و هەلپێکانی بەرەیەکی جیهانی لەناوجەرگەی ئەوروپا.هەروەها گفتو گۆ لەسەر گرێدانی کۆنگرەیەکی تر بەهەمان شێوەلەئەمەریکای باکوور کرا.

لەلایەکی کەی کۆرەکەدا،گفتوگۆ لەسەر دروست کردنی " بنکەی بڵاوکردنەوەی کۆنگرەی ئازادی" لەبەغدا کرا ،بۆدروست کردنی دەزگایەکی ڕاگەیاند لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی کۆنگرەبەجۆرێک پێشبڕکێ ی ڕاگەیاندنی پێبکرێت لەگەڵ ڕاگەیاندنەبەکرێگیراوەکانی داگیرکاری.

**ناوەندی ڕاگەیاندنی**

**کۆنگرەی ئازادی عیراق**

2006/10/26